www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-2-2007 18:01

sirwan_e@yahoo. se

## بریا له م شاره دا شاعێرێک په یدا ئه بوو ... سیروان حه نیفی



ئه م شاره
شارێکه ده مباته وه ئه و په ڕی بێهۆده یی
بیابانه کانی ته مه نم لا زیندو ئه کاته وه
ده مباته وه باوه شی مه رگ
لای په ژمورده یی باخچه کانی پێش شه یدا بوون
پێش عاشق بون
ئه و ده مانه ی ئێستا نیه، ئێستا نه بوو
پێش پاکیه کانی فۆروغ
پێش سه داقه تی سۆهراب
زۆر پێشتر له ڕۆیشتن بۆ ژێر باران
. . . . . . . . . .
فۆروغیش له ئاوه ها شارێك ماندوو بوو
له ئاوه ها شارێك ئه ترسا
بۆیه هاواری ئه برده لای پاکیه کانی خۆی
لای لێوه کانی خۆی
لای چاوه کانی خۆی و له گه ڵ فرمێسکیدا هه ستی ژنانه ی خۆی
به ش ئه کرد
سۆهرابیش له ئا وه ها خه ڵکێك وه ڕه ز بو
له ئاوه ها شارێك تووڕه
بۆیه شێعر ه کانیشی ئه برده ژێر باران
بۆیه وشه کانیشی
ئاوێنه که شی ئه هێنا ژێر باران
تاکو هه موو یان پاك کاته وه
سه داقه تیان له به ر کات
پاش ئه م غۆسڵه
پاش ئه م تێپه ڕبوونه له شه قامه کانی شار، ئاوه ها شارێك
زۆر ئاسایی بوو ژیان له باوه شی کتێبه کانیدا
لانی که م چیدی کتێب خانه که ی خۆی ئازاری نه ئه دا
. . . . . . . . . . . . . . . . . . .
منیش ئا له وه ها شارێك زنجیر کراوم
که س بڕ وا به ناڵه ناڵم ناکات
ئه گه ر بمزانیبا له م شاره دا
جیابو نه وه ش مارشی خۆی هه یه

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دابرانیش ماچ و باوه شی خۆی هه یه
قه د ئا له م شاره دا له دایك نه ده بووم
قه د له م شاره دا ماچم نه ده كرد
قه د له م شاره دا عاشق نه ده بووم
ئاخ كه من له سواره ش وه ڕه زترم له شار
له شارێك كه دابڕان له سیگار داگیرسانێك ئاسانتره
كه خۆ كوشتن له په یك هه ڵدانێك ساده تر
ئاخ ئه گه ر
بمزانیبا مه ودای نێوان شار و به ره هووت هێنده ته سكه
هیچ گۆڵێكم ئاو نه ئه دا
هیچ مۆسیقائێكم گوێ نه ئه گرت
ته نانه ت خۆمم فێری سڵاو كردن نه ئه كرد
چۆن لێره دا پێش سڵاو ماڵ ئاوایی باوه
كه سێك دوو سێ جارئیمزای نامه كانی نه گۆڕابێ نایخوێنێته وه
كه سێك چه ند جار ماچه كانی نه گۆڕیبێ خۆی له گه ڵ مه رگا
هاوڕێ ده زانێ
ئاخ له م شاره یا چه ند مشووری باڵنده كانمه
چه ند مشووری كانیه كانمه
چه ند مشووری دارێستانه كانمه
كه مرۆڤه كان به هیوای خۆیان گاڵته یان پێ ئه كه ن
به حه زی خۆیان هه رزان فرۆشیان ئه كه ن
ئاخ چه نده نامۆم به م شاره
چه ند بێ گانه م له م هه موو حه شیمه ته ی
ده مبه نه وه لای بێهۆده ئیه كان
لای شه وانی پێش عاشق بوون
لای گۆڕستانه كان
. . . . . . . . . . . . . . . . . .
شاره كه م
تۆ له هه موو كه س بێگانه تری لام
ڕۆژه كانت تا مه زرۆی گه ڕانه وه ی خه نده ی په نجه ره كانن
چاوه ڕوانی خۆره تاوی تۆراوی كۆچ كردوو
شه وه كانت چاو لێك نانێن
تا ئه و ده مه ی مانگه شه وی دایكی ئه ستێره كان
سه ر ده خه نه سه ر ئاسمانی بێگه ردی داهاتوو
خۆ من شێت نیم له شار و شه قام و كۆڵانی دڵ پڕ خوێن بم
من عاشقانه مرۆڤه كانم خۆش ده ویست
شه یدای باڵای داره كان بووم
ئه و دارانه ی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

له گه ڵ خۆیان ئه مانیان برده وه لای چاوبازیه کانی زنده گی
لای عه شقی په پوله کان
لای سه مای سمۆره کان
له دڵی رێبواره کانی تێپه ریو له په نامان
شادی بوو چرۆی ئه کرد
عه شقی شێتانه ی ژن و پیاوێکی نه ناسراوی نێو تاریکی
ده بوو به سه ر دێری یه که م چیرۆکیان
که گه ڕانه وه لای سه گ و پشیله و خۆشه ویستاکانیان
من پاکانه شارم خۆش ده ویست
هه ر له م شاره دا بوو
جارێکی تر چاوم به ژیان هه ڵ هێنا
جارێکی تر ماچم له گه ڵ خۆما ئه برده وه بۆ ئاوێنه که م
هێشتا تێ ناگه م بۆ مه ودای نێوان عه شق و نه فره ت ئه وه نده باریکه
بریا له م شاره دا شاعیرێك په یدا ئه بوو
دانه دانه شێعره کانمی به نێو چاوانمدا بدای و
به سه رمدا بیقیژاندای
با چیدی زه می شارو شێواوی مرۆقه کانیم نه کردبای
شار وای لێکردم خۆم له خۆم تووره بم
ده نك ده نك نامه کانم بسوتێنم
شار فێری کردم
په ژیوان ببمه وه له و سۆجدانه ی له ژێر دار سنه وبه ره که ی کۆڵان
بۆ ته نیاترین ژنی شارم ده برد
شار رێگای پێ دام
چه پك چه پك بیره وه ریه کانم ده ر بێنم و له سه ندووقێکا بیشارمه وه
سه ندووقه که ش له گۆڕستانی شار بخه مه چاڵ و
یه که م مۆم و ئاخرین مۆمیش له سه ر سینگی ئه م تاقانه قه بره م داگیرسێنم
من هێشتا شه یدا بووم
ئه و ڕۆژانه ی به لێنیم دا چیدی شارم خۆش نه ویێت
من هێشتا عاشق بووم
ئه و شه وانه ی نه ده خه وتم
با چیدی خه ون به شارو نهێنیه کانی نێو سه ندووقه که وه نه بینم
. . . . . . . . . . . . .
. . . . .
شار
ئه ی جه لادی بزه کانم
تۆ کاره ساتێکی دزێوی
رۆحت لێ ئه نفال کردم
بڕواکانمت برده به ر ده ستی ئاسنگه ری بازاڕ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

به بێ من خوارێت کرد و
خێچت کرد و
ته نانه ت ڕه نگت گۆڕی
چیت ویست کردت
به ڵام پێت بڵێم هه رگیزاو هه رگیز ناتوانی دڵم داگیر بکه ی
من هه ر ده ڕۆم و شێعر ئه نووسم
ده ریاێك گۆرانی له دڵمایه
هه ر به پێوه م
هه ر به ڕێوه م
هه ر به پێوه م
. . . . . . . . . . . . .
. . . . . . .
. . .

2007. 02. 25
هۆدیکسڤاڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.